ژمارە (٨٦٦) ■ ٢٠١٢/٢/٦




## مەزهەری خالقی بۆ گوڵان:

# بەمنداڵی حەزم دەکرد لاسایی سەید ئەسغەر بکەمەوە

*** سەرەتا حەز دەکەین بزانین دوایین کاری ئەنستیتیۆتی کەلتوری کوردی بەکوێ گەیشتووە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەنیستیتۆتی یان کەلتور یان فەرهەنگی گەل ئەوا هیچ جیاوازییەك نییە، چونکە لەهەر میللەتێك نەوە دوای نەوە فەرهەنگ و کەلتووری خۆی بەجیا دەهێنێت و ئەمەش شتێکی بەردەوامە، بۆیە بەر لەسەد ساڵیش کاتێك کابینێت دامەزراوە وەزارەتێك هەبووە بەناوی وەزارەتی فەرهەنگ، ئێستاش هەیە و سەدان ساڵی دیکەش هەر دەمێنێت، چونکە کە دەڵێین کەلتووری فلان کەس واتە تەواوی ئایدیا و بیرکردنەوەی ئەو کەسە یان وڵاتە یان ئەو عەشیرەتە یان ئەو گەلە، هیچ مرۆڤێکیش بەبێ ئایدیای نەتەوەیی نییە، بۆیە هەمیشە بەپێی زەمەن ئەم ئایدیایە تووشی ئاڵۆگۆڕ دەبێتەوە و ئەوەی باشە دەمێنێتەوە و ئەوەی باشیش نییە کاڵ دەبێتەوە، بۆیە ناتوانم بڵێم دوایین کار، بەڵکو دوایین چالاکی، لەبواری کتێب هەر کتێبێك لەعێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش دەربچێت ئێمە هەوڵ دەدەین دەستمان بکەوێت بۆئەی دایبنێین، سەبارەت ئەرشیفی دەنگ و ڕەنگ، ئێمە هەمیشە لەکۆکردنەوەی بەرهەمی ڕەنگ و دەنگ بەردەوامین و دوایین قەوان کە گەیشتۆتە دەستمان هی سەیدی جزیرەیە و دەبێتە یەك سیدی لەساڵی ١٩٢٩ لەقەوان دراوە بەمەش دەبێتە




کۆنترین بەرهەمی کوردی کە چۆتە سەر قەوان، هیوادارم بەر لەهاتنی نەورۆز بتوانین چاپ و بڵاوی بکەینەوە، دوایین بەرهەمی بەشی کتێبیش قاموسی شەبەکە کە دوای دوو ساڵ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی شەبەك توانیمان زیاتر لە٢٣ هەزار وشەی شەبەك کۆبکەینەوە و لەکتێبێکی ٦٠٠ لاپەڕەییدا چاپی بکەین، هەروەها ژمارەیەکی زۆر وێنەی جلوبەرگی کوردەواری هەموو پارچەکانی کوردستانمان کۆکردۆتەوە.

*** ئەی بینایەی نوێی ئەنیستیتۆت؟**

- ئێستا لەبینایەی نوێین کە هیوادارم بێت بەیەکێك لەبینایە سەرنجڕاکێشەکان بۆ مەسەلەی کەلتووری، بەداخەوە ئەم بینایە دەبوایە لەساڵێکدا تەواو ببێت، بەڵام دوای شەش ساڵ ئینجا تەواو بوو، ئێستاش هەندێك کەموکوڕی هەیە، لەوانە ئێمە ستۆدیۆیەکمان هەیە کە شوێنی ٣٠٠ کەس دەبێتەوە، بەڵام لەبودجە پارەی بۆ تەرخان نەکراوە بۆ کورسی کە زۆر زۆر پێویستە، هەروەها دوو ستۆدیۆمان هەیە یەکیان هی دەنگە و ئەویتریشیان ئۆنلاینە کە باشترین ستۆدیۆیە لەعێراق و ناوچەکە، ئەم دوو ستۆدیۆیە پێداویستییەکانی بۆ دابینکراوە، من هەوڵی زۆر دەدەم لەمانگی شەش بکەونە کار بۆ ئەوەی گەنجانی سلێمانی و دەوروبەری سوودی لێ ببینن بۆ هەموو چالاکیەکانیان، ئومێدم زۆرە کە لەوێ بتوانین بەیەکگەیشتنێکی کەلتووری لەنێوان فەرهەنگە جیاوازەکان لەهەر چوار پارچەی دیکەی کوردستان و خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێك دروست بکەین لەنێوانیاندا.

*** ئایا هاریکاری حکومەت بۆ ئەنیستیتۆتەکەی ئێوە و دەزگا هاوشێوەکانی وەك پێویستە؟**

- سەبارەت بەخۆم قسە دەکەم گلەیی زۆرم هەیە، بەڵام من خۆم ئەم کارە بکەم، هەرچەندە یارمەتییان داوم، بەڵام بەوشێوەیە نەبوو کە لەئاست داخوازی و ئاواتەکانمان بێت، هیوادارم هەر بەقسە نەبێت و بەجددی ئاوڕمان لێ بدەنەوە، هەندێك پێوەر دانراوە بۆ (NGO)کان هیوادارم ئێمەش نەخەنە نێو ئەم پێوەرانەوە، چونکە خاوەن ڕابردوویەکی هەشت ساڵین کە ناکرێ لەگەڵ هیچ یەکێك لە(NGO)کان بەراوردمان بکەن و ڕێگا بە هیچ بەرپرسێك نادەم کە بەو چاوەی جێگای گومان بێت سەیری ئێمە بکەن.



**لەئێوارەیەکی سارد کە باران نم نم دەباری تەلەفۆنم بۆ مامۆستا مەزهەری خالقی کرد بۆئەوەی سەردانێکی بکەم و گفتوگۆیەك دەربارەی چەند بابەتێکی تایبەت بەئەنیستیتۆتی کەلەپوری کوردی و هونەری کوردی بکەین، هەرچەندە کە هیلاك بوو و لەسەفەر گەڕابۆوە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە داواکەی ئێمەی قبوڵ کرد و لەو ژوانەی کە بۆ ئێمەی دانابوو چاوەڕێی دەکردین ئەو دانیشتنە خۆشە لەگەڵ مامۆستا مەزهەر ئەم گفتوگۆیەی لێهاتە بەرهەم.**

*** دوای ئەو بەرهەمانەی بڵاوتان کردەوە پێشوازی خەڵك جێگای ئومێد بوو؟**

- من مرۆڤێکی حەق بینم ئەو کارەی کە کرا دوو سوودی هەبوو، یەکەمیان پاراستنی دەنگی ئەو هونەرمەندە نەمرانەیە، دووەم بیانخەینە بازاڕەوە، ئەو پێشوازییەی لێیکرا سەلماندی کە تاکی گەلەکەمان زۆر تامەزرۆی هونەری ڕەسەنی کوردییە، لەبواری فرۆشتن و بازاڕیشەوە جێگای خۆشحاڵییە کە دەبینین بەشێك لەخەرجییەکانی ئەنیستیتیۆت لەفرۆشتنی ئەو بەرهەمانەیە کە دەیانخەینە بازاڕەوە، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە میدیای حکومی و ئازاد یارمەتیمان بدات، بەداخەوە ڕیکلامی بەرهەمەکانمان وەك کارێکی بازرگانی سەیر دەکات و هیچ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەمە کارێکی کەلتوورییە و پێویستە ڕیکلامەکانی ئێمە و هاوشێوەکانمان لەو میدیایانەی کە حکومەت یارمەتیان دەدات بەخۆڕایی بڵاوبکرێتەوە، تەنیا لەسلێمانی و زاگرۆس بەخۆڕایی ڕیکلامەکانم بۆ دەکەن.

*** بەحوکمی تەجروبەی زۆرت لەڕادیۆی کرماشان، ڕا و تێبینی و سەرنجت دەربارەی ڕادیۆ کوردییەکان چییە لەڕووی هونەری و پاراستنی زمانی کوردی؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی قووڵە و حەز ناکەم بکرێ بەیەك بابەت، لەدنیای ئازاددا سێ ستوونی سەرەکی هەیە لەگەڵ ستوونێکی تر کە پێی دەڵێن ستوونی چوارەم ئەویش میدیایە، لەکوردستان ستوونی چوارەم بەهۆی کەموکوڕییەکانەوە نەیتوانیوە بەشێوەی گشتی ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ نەتەوەی کورد، ئەمە ڕەخنەیەکی منە و ڕاستەوخۆ و بەدڵسۆزانە دەیڵێم، چونکە پێگەیاندنی نەوەیەك کە بڕوای بەنەتەوە و بەها و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ئەمڕۆی شارستانیەت ئەرکی میدیا بووە، کەچی لەم بوارەوە کەم کاری کردووە، کەچی دەبینین ڕیفلێکتی میدیای کوردی زۆر شێواوە، ئەمەش بۆتە گرفتێك بۆ حکومەت و میللەت بەجۆرێك نازانی لەگەڵ کامیان قسە بکەی، خەڵك دابەشکراوە بەهەندێك ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندییەوە جا لەبەر ئەوە پێویستە پێداچوونەوەیەکی ئەم مەسەلەیە بکرێت تەنانەت ئەگەر پێویست بێت شارەزایانی دەرەوەش بهێنن بزانن ئەم فەوزایە بۆ دروستبووە، ڕۆژنامەیەك بخوێنەوە بزانە زمانەکەی دروستە ئایا نووسینی ئێمە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەهەمان شێوە لەبواری ئەدەب، کەلتوور، ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، بەگشتی میدیای ئێمە ئاڵۆزە و دەبێ ئامانج و ڕێوشوێنی

خۆی بناسێت بزانێت بۆچی کار دەکات، چونکە خەڵك لەو میدیا ڕەشو سپییە وەڕس بووە، چونکە ئەوەی لێرە بەناوی ئازادی هەیە من پێی دەڵێم بەرەڵاییی نەك ئازادی، چونکە میدیا ناتوانێت ئەوەندە ڕووت و پەتی بێت، بەڵکو حورمەت و ئەخلاقی خۆی هەیە.

*** مامۆستا هەر لەڕێگای میدیاوە ڕەخنە لەهونەرمەندان دەگیرێت کە پێویستە هونەرمەندان شانازی بەڕەخنەی زانستی و بونیادنەرەوە بکەن، بەڵام هەندێك کەس بەناوی ڕەخنەوە لەکەسایەتی هونەرمەند دەدەن و باس لەلایەنی شەخصی دەکەن ڕات چییە لەسەر ئەم مەسەلەیە؟**

- ئەو ئازادییە کە بەرەنجامی خوێنی شەهیدان و ئەنفال و هەڵەبجە و خەباتی چەندین ساڵمانە، بەشێوەیەکی دروست سوودمان لێی وەرنەگرت، لەهەموو شوێنەکانی کۆمەڵگای ئێمە جۆرە شڵەژاوییەك هەیە کە بێگومان لەهونەریش ڕەنگدانەوەی هەیە، هەموومان باش دەزانین دەبوایە موزیکی کوردی لەو حاڵەی ئێستای باشتر بوایە، لەم بارودۆخەدا نەوەیەکی تازە هاتە ئاراوە بەویست و ئارەزوو و فکری تازەوە، بێگومان گۆرانیش دەگۆڕێت، نەوەی سەید عەلی ئەسغەر و عەلی مەردان ڕۆیشتن، بێگومان لەم نەوەیەشدا کۆمەڵێك لەگۆرانی و میلۆدی و موزیکە ڕەسەنەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێت، بۆیە دروستبوونی کەسانێکی وەکو زەکەریا شتێکی سروشتی بوو، لەپاڵ ئەمە بوونی کەسانێك کە کاری ڕەسەن بکەن ئەمەش دیسان سروشتییە و دەبێ شان بەشان یەکتری بڕۆن بەجۆرێك نەدەتوانی ڕەسەنەکان نە ئەو هونەرمەندانەی شتی نوێ پێشکەش دەکەن فەرامۆش بکرێن و ئەمە لەهەموو دنیادا باوە، بۆیە نابێ بەهیچ شێوەیەك ڕەخنەکان بێنە ئاستی شەخصی هونەرمەند، هەڵبەتە من لەوەشدا گومانم نییە کە هونەر شتێکی خواییە، کاتێك خەڵك خۆشەویستی خۆی بۆ هونەرمەند دەردەبڕێ وەك مەعشوقێك قسەت لەگەڵدا دەکات ئەمەش هەستە، بۆیە پێویستە هونەرمەند گۆرانی و موزیکەکەی چەند جوان بێت خۆیشی لەگەڵ ئەو جوانییەدا بگونجێنێت، ئەگەر نەتگونجاند بێگومان قسە دێتە سەرت، ئەگەر هونەرمەندێك چەند باش و بەتوانا بێت، بەڵام لەو لایە ئەفیون بکێشێت بێگومان ئەمە جێگای ڕەخنەیە ئەمەش لەهەموو جیهان وایە، بۆیە من بەهونەرمەندان دەڵێم قەدری هونەر و خۆشەویستی خەڵك بزانن و هەر هیچ نەبێت دڵی خەڵك بریندار نەکەن.

*** لەوەڵامی پرسیارێك کە ئاراستەت کرا ئەگەر نەوەیەك هات و (مەزهەری خالقی) یان نەناسی هەست بەچی دەکەی؟ جەنابت بەخەمێکی قووڵەوە وەڵامت دایە، ئەم خەمە لەچییەوە هەڵقوڵا بوو؟**

- هەر شتێك زەمەنی خۆی هەیە، من بۆ یەك شت موتەئسرم، ئەویش ئەوەیە کە زۆر شت هەیە نەمکردووە، ئامادەگی و توانای زیاترم هەبووە، بەڵام دەرفەتی کەمترم هەبووە، ئەگینا من هیچ کات لەهونەرمەندە گەورەکانی میللەتانی تر گەورەتر نەبوومە و ئەوان چ چارەنووسیان هەبووە منیش هەمان چارەنووسم دەبێ.

*** هەندێك لەهونەرمەندان پێیانوایە کە لاوەکان پەلە دەکەن لەوەی گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ بهێڵن، ڕات چییە بەرامبەر بەو مەسەلەیە؟**

- ئەم پرسیارە پێویستی بەوەڵامێکی کەسییە، من کاتی خۆی حەزم دەکرد ئەگەر کەسێك لەمن باشتر هەبێت خۆزگە من بگەمە ئاستی ئەو کەسە، چونکە موزیك و هونەر هەستێکی بازرگانی نییە، هەتا دەنگی خەڵکی ترت خۆش نەوێت حەز لەدەنگی خۆت ناکەی و ئەگەر حەز لەدەنگی خۆت بکەی ئەوە دەبێتە خۆ پەرستی و بەهیچ ناگات، هونەرمەند سەرەتا حەز لەدەنگ و ستایلی کەسێك دەکات دواتر خۆی دەدۆزێتەوە، بۆیە پێموانییە هیچ هونەرمەندێك لەدنیا هەبێت هونەرمەندانی سەرووتر لەخۆی خۆش نەوێت و ئەوەی تۆ باسی دەکەی پەلەی هونەرمەندانە نییە، بەڵکو پەلەکردنێکی بازرگانییە.

*** پێتوایە تەلەڤزیۆنەکان بەرامبەر بەهونەرمەندانی هاوشێوەی بەڕێزتان کەمتەرخەم بووبن لەنمایشکردنی گۆرانییەکانیان و باس کردنیان؟**

- من بەو شێوەیە بیر ناکەمەوە، ئێمە پێشبینی زۆر لەتەلەڤزیۆنەکانی خۆمان دەکەین، لەدەرەوەش ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان جودا بوونەتەوە واتە هەر جۆرە موزیکێك کەناڵی خۆی هەیە، هەر لەم تەلەڤزیۆنانە سەدان ڕیکلام بۆ فیلم و گۆرانییە ڕەسەن و کۆنەکان دەکرێ، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت هەموو شێوەکانی لەماڵەوە هەبێت واتە کەرەستەکانی میدیا ئاسانتر بووە، مرۆڤەکان دەبێ ئەوەندە دەرفەتیان هەبێت کە لەنێو ئەو هەموو فرەییەدا خۆیان بدۆزنەوە، بۆیە دەڵێم ژیان گەورەیە ئەگەر فکرمان گەورە بکەین شتەکان بەگەورەیی دەبینین.

> **من بۆ یەک شت موتەئسرم ئەویش ئەوەیە کە زۆر شت هەیە نەمکردووە، ئامادەگی و توانای زیاترم هەبووە، بەڵام دەرفەتی کەمترم هەبووە**

> **هونەر هەستێکی بازرگانی نییە**

*** بەڵام گەنجێك ئەگەر لەتەلەڤزیۆن گوێی لەسەید عەلی ئەسغەری کوردستانی نەبێت چۆن پێی ئاشنا دەبێت؟**

- لەو مەسەلەیەدا هاوڕام لەگەڵت، لەهەموو دنیا وەزارەتێك هەیە بەناوی وەزارەتی کەلتوور، تۆ بڕۆ لەسوید یان بریتانیا داوای شتێك بکە دەربارەی کوردستان یا بەنگلادش، هیچت پێنادەن، بەڵکو شتێکت پێ دەدات دەربارەی موزیك و کەلتووری میللەتەکەی خۆی، لەهەمان کاتدا تەلەڤزیۆن هەیە کە کەلتووری خۆی بەمیللەتی خۆی نیشان بدات، ئەمە شتێکە پێویستە وەزارەتی کەلتووری ئێمە بیکات، با سەیری دراوسێکانمان بکەین لەسعودیە دەبینین پاشاکەیان بەگۆچانەکەیەوە سەما دەکات، ماندێلا سەمات بۆ دەکات، ئەگەر سەیری کونسڵخانەکان بکەین هەر کونسڵخانەیەك بەشێکی تایبەتی بەکەلتوور هەیە کە لەگەڵ کارە بازرگانی و ئابوورییەکەی دایناوە و هاتووە کەلتووری من زیندوو بکاتەوە دەزانی چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوڵاتی من، حەز دەکەم شتێکی سەیرتان پێ بڵێم لەو کۆبوونەوانەی کە لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی ساڵی پار ئەنجام دەدران من بۆ خۆم بینیم یەکێك لە وتەبێژەکانی ئەو کۆبوونەوەیە کە مامۆستای زانکۆیە دەیگوت: کەلتوور چییە، ئێمە وەکو کورد کوا کەلتوورمان هەیە، پەندی پێشینان دەبێتە کەلتوور بۆ من، تۆ کە سیاسیت و دەتەوێ حکومەت بگریتە دەست دەبێ بزانی میللەتێك ئەو کاتە دەتوانی پێی بڵێی میللەت کە کەلتووری خۆی هەبێت، یەکێك لەو بنەمایانەی کە تۆ پێی دەبی بەحکومەت ئەوەیە کە تۆ کەلتوورێکی جیات هەبێت، بەداخەوە یەك کەس لەمیدیا قسەیەکی لەسەر نەکرد، هەروەها من کە سەرەتا هاتمەوە و ویستم ئەم ئەنیستیتیۆتە بکەمەوە زۆر لەبڕادەران دیانگوت: حەیف نییە تۆ بەو هەموو ئەزموون و شارەزاییەوە دەتەوێ کارێکی وا بکەی، من پێم دەگوتن خۆزگە بمتوانیبوایە

**سەیرە مامۆستای زانکۆ هەیە دەڵێت: کوا کورد کەلتوری هەیە**



ئەم کارە بکەم، چونکە ئارەزووی من ئەوەیە بناغەی کارێك دابنێم کە لەدوارۆژدا گەورەتر بکرێت، ئێستا کە ئەو کەسانە سەنتەرەکە دەبینن دەزانن کارێکی چ گەورەیە و دەزانن کە ناسنامەی هەر مرۆڤێك کەلتوورەکەیەتی، یەکێك لەئامانجەکانی تەلەفزیۆنی نەورۆز کاری کەلتووری بوو (تا چەند سەرکەوتوو بوو ئەمە شتێکی ترە)، بەڵام کە دایانخست من زۆر پێی موتەئسیر بووم، ئێوە وەك میدیا دەبێ ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرن، چونکە میدیا دەگاتە دەسەڵاتداران لەهەمان کاتدا دەتوانێت خەڵکیش بجووڵێنێت.

*** هەر هونەرمەندێك ستایلی خۆی هەیە، لەو چەند ساڵەی تەمەنت کەست شك بردووە ستایلی لەتۆوە نزیك بێت؟**

- من هیچ کاتێك بەدوای ئەو شتەدا نەگەڕاوم، دەڵێن کاتی خۆی کە تاهیر بەگی جاف شیعری گوتووە گۆرانیبێژانی سەردەمی خۆی بانگ کردووە و پێیوتن لەڕۆژانی هەینی و سەیران بەکۆڵاناندا بگەڕێن و بەدەف و شمشاڵ شیعرەکانی بەگۆرانی بڵێنەوە بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر زاری خەڵك، بۆیە منیش زۆر حەز دەکەم بەهەزارها کەس تەقلیدی گۆرانییەکانی من بکەنەوە، بەڵام کێ سەرکەوتوو بووە و کێ سەرکەوتوو نابێ، ئەوە خەڵك بڕیاری لەسەر دەدات، من خۆم بەمنداڵی حەزم دەکرد لاسایی سەید ئەسغەر بکەمەوە، بەڵام کە ستایلی خۆم دۆزییەوە حەزم کرد بەستایلی خۆم بەردەوام بم، چونکە سەید ئەسغەر هەر لەلوتکەیە و دڵنیاش بووم کە پێی ناگەم.



## کەژاڵ ئادەمی: زۆرجار هـ

خانمە هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی لەپێوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ گۆڤاری گوڵان، باس لەتوندوتیژی بەرامبەر هونەرمەندانی ئافرەت دەکات و هەروەها دەشڵێ داوای هاوکاریم لەهیچ لایەنێکی حکومی نەکردووە بۆکارە هونەرییەکانم. کەژاڵ ئادەمی ساڵی ١٩٨٣ لەشاری سەقز لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە هەستی بۆ شیعر و مۆسیقا هەبووە. لەتەمەنی ٨ ساڵیدا دەستی بەخوێندنەوەی شیعری کوردی کرد و خوێندن و نووسینی کوردی لەشیعرەکانی مامۆستا قانع فێر بووە، زۆر جار شیعرەکانی مامۆستا قانعی دەکرد بەگۆرانی و هەستی پاکو ناسکی منداڵانەی خۆی پێ دەردەبڕی، لەساڵی ١٩٩٨ چۆتە هەندەران لەوڵاتی سوید نیشتەجێبووەو لەتەمەنی ١٥ ساڵی دەستی بەئامێری ژەنینی (ڤیۆلۆن) کردووە. تاکو ئێستاش خاوەنی چەند بەرهەمی هونەرییە و دەڵێت « وەکو هونەرمەندێکی

## سلاف: تۆمەت دەخاتە پاڵ شۆڕشگێڕان

خانمە ئەکتەری سوری سلاف فەواخرجی لەمیانەی دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەکەناڵی OTVی لوبنانی دووبارە دڵسۆزی خۆی بۆ بەشار ئەسەد دەربڕی و بەرگری لێکرد.

سلاف دەربارەی بارودۆخی سوریا وتی: کێشەکە کۆتایی پێهاتووە و گەلی سوریا متمانەی تەواویان بە بەشار ئەسەد هەیە، من ئیعتیراف بەشتێك ناکەم ناوی شۆڕش بێت لەسوریا، ئەوانەی کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن کەسانێکی بەکرێ گیراون، دیموکراسیەت شتێکی خۆشە و گەلی سوریاش بڕیاری خۆی داوە و بەشار ئەسەدیان دەوێ، سەبارەت بەئەساڵە نەسریش وتی: ئەساڵە هونەرمەندێکی زۆر بەتوانا و گرنگە و هیچ کەسێك ناتوانێت نکۆڵی لەدەنگ و گۆرانییەکانی بکات، بەڵام نازانم بۆچی لەناکاو هەڵوێستی خۆی گۆڕی من زۆر قەناعەتم بەو هەڵوێستەی نییە و ترسێکی زۆریشم لێی هەیە، چونکە ئەگەر بێلایەن بوایە و گۆرانی بۆ ڕژێم نەوتبا مافی خۆی بوو ئێستا دژایەتی بکات، بەڵام پێشتر گۆرانی بۆ حافز ئەسەد و بەشار ئەسەدیش وتووە، بۆیە نازانم بۆچی وا زوو گۆڕا.

## بیونسی دەبێتە ماددەیەک بۆ خوێندن



دوای ئەو هەموو سەرکەوتنە زۆرانەی کە بیۆنسی بەدەستیهێنا، زانکۆیەکی ئەمریکی بڕیاریدا ماددەیەکی تایبەت لەسەر بیۆنسی بخوێنرێت و لەلایەن قوتابی دکتۆراە کیڤن ئالرید پێشکەش دەکرێت.

میدیاکانی ئەمریکا ڕایانگەیاند کە زانکۆی ڕاتجرز لەنیوجێرسی بڕیاریداوە ماددەیەکی تەواو لەسەر بیونسی بخوێنرێت لەچوارچێوەی چەند توێژینەوەیەك لەبەشی ئافرەتان لەزانکۆی ناوبراو، میدیاکان ئاماژەیان بەئالرید کرد کە توێژینەوەکەی بەناوی (بە سیاسی کردنی بیۆنسی) و تێیدا لە تێکستی گۆرانییەکانی بیۆنسی ورد دەبێتەوە و بەراوردیان دەکات لەگەڵ هەر یەکە لەئالیس واکر و سۆجۆرنو تروس.

هەر لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر سروشتی ئاڵۆزی نەژادی ئەمریکی و پێوەندی بەسێکسەوە دەکاتەوە و کارەکانی بیۆنسیش وەك نموونەیەکی زیندوو ئاماژە پێدەکات، ئالرید ئەوەشی ڕوونکردەوە کە تیشك ناخاتە سەر ئاراستەی سیاسی بیۆنسی و ئایا چەند جار لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا گۆرانی بۆ ئۆباما وتووە.

## ـــونەرمەندانی ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە



ئافرەت هــەردەم هــەوڵ دەدەم کە دەنگێکی ژنانــە بم و بتوانم زایەڵــەی ئەوین و ئازاری ژنانی کۆمەڵگاکەمان بم. کەژاڵ ئەوەشـــی خستەڕوو ، کە هەندێک لەگۆرانییەکانی کە ژیانی دژواری ژنی کورد ڕەنگدانەوەی هەیە بۆ نموونە گۆرانـــی «نامە» و «واقیعی پڕ ژەهر». ســەبارەت بەوەی تاچەند توندو تیژی هەیە بەرامبــەر بەهونەرمەنــدە ئافرەتەکان، کەژاڵ وتی «چالاکی کــردن لەو بوارانەی کە زۆرینەی ئەندامەکانیان پیاون و لەســەر یاســاکانی پیــاو بونیــاد نــراون، بێگومان ئیشێکی ئاســان نییە بۆ ئافرەتان. یەکێک لەو توندوتیژیانــەی کە ئافرەتانی هونەرمەند لەگەڵی بەرەنــگار دەبنەوە ئەوەیە کە زۆرجار بە چاویلکەی ڕەخنــەوە چاویان لێدەکرێت و هەندێک جار ئەوەندەی تیشک دەخرێتە سەر دۆزینەوەی خاڵێک بۆ ڕەخنە، ئەوەندە سەرنج نادرێتە ســەر پەیــام و ناوەڕۆکی بەرهەمی هونەرمەندانی ئافرەت.



## جگەرە ڕۆبی شەرمەزار کرد

لەیەکێــك لەمۆڵەکانی قاهیرە ســەرەڕای ئــەوەی لەســەر دیوارەکــەی نووســرابوو جگەرەکێشــان قەدەغەیــە، کەچــی کچە گۆرانیبێژی سەرنجڕاکێشی میسری ڕۆبی جگەرەیەکی داگیرســاندووە بێئەوەی گوێ بەو نووسینە بدات.

دەربــارەی ئــەم مەســەلەیە ڕۆبی وتی: ڕاگەیاندنــەکان هەر بەدوای شــتی بێ مانادا دەگەڕێن، ڕاســتە من و کۆکی خوشــکم لەمۆڵێــك بوویــن منیش جگەرەیەکــم داگیرســاند و کاتێکیش پێیان ڕاگەیاندم قەدەغەیە کوژاندمەوە بێ هیچ دوو دڵی و نانەوەی هیــچ گرفتێــك، نازانم بۆچــی ڕاگەیاندنەکان بەدوای ئــەوەدا دەگەڕێن گرفــت و سەرئێشــەم بۆ دروست بکەن، هەموو لایەکیش دەتوانێت سەر لەمۆڵەکە بدات بۆ ئەوەی بزانێت من ئاژاوەم ناوەتەوە یــان هیچ کارێکی نایاســاییم ئەنجــام نەداوە، بــەڵام من جگەرە بکێشــم یان نەکێشــم ئەوە پێوەندی بەژیانی خۆمــەوە هەیە و کەســیش ئەو مافەی نییە بــاس لەتایبەتمەندییەکانی ژیانی من بکات کە چیدەکەم و چی ناکەم.

ڕۆبی چاویلکەیەکی گەورەی لەچاو کردبوو بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە.




## سەلما حایک حەزی لەشێرە

خانمە ئەکتەری بەناوبگی مەکسیکی سەلما حایك ڕایگەیاند کەوا ئاژەڵی ماڵی خۆشدەوێ و حەز لەبەخێوکردنی شێر دەکات.

سەلما ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لەوانەیە کەسانێك بڵێن بۆچی حەز لەبەخێوکردنی شێر دەکات، ئەمە ئارەزووی خۆمە هەرچەندە ئاژەڵێکی دڕندەیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ وازی لێ بهێنێت، ئەوا باوەڕ ناکەم زیان بەمرۆڤ بگەیەنێت، چونکە ئەویش ژینگە و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و مرۆڤە هەوڵی تێکدانی ژیانی ئەو دەدات ئەگینا بەدەگمەن بیستوومانە شێر و هەر ئاژەڵێکی دیکە هەوڵی تێکدانی ژیانی مرۆڤ بدات ئەگەر مرۆڤ دەستپێشخەر نەبووبێت، ئەویش لەپێناو هەندێك بەرژەوەندی و دەستکەوتنی پارە.

# فیستیڤاڵە هونەرییەکان تا چەند

سالآنە لەهەموو بوار و ژانرە هونەرییەکان لەکوردستان فیســـتیڤاڵی هونەری ئەنجام دەدرێ، جا چ لەســـەر ئاستی هەرێم یان نێودەوڵەتی و هەرێمی بێت، بەڵام بەردەوام ڕەخنـــە و گلەیـــی لەشـــێوە و چۆنیەتی سازدانی ئەم فیستیڤالآنە هەیە، جا لەڕووی نادادپەروەری و چۆنیەتی دابەشـــکردنی خەڵاتەکان بێت یـــان لەبەڕێوەبردن و کاتی ئەنجامدانیان و نەبوونی هەماهەنگی بێت لەنێـــوان لایەنـــە پێوەندیدارەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەپێویســـتمان زانی ڕای چەند هونەرمەندێکی بوارە جیاجیاکان سەبارەت بەم بابەتە وەربگرین.







## لەزۆر فیستیڤاڵدا دەبوایە ئامادە بومایە بەڵام بەداخەوە بانگ نەکراوم

زۆر لەفیستیڤاڵەکان کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون لەبوارەکە بانگهێشـــت ناکرێن، لەم بارەیەوە مامۆستای خاوەن ئەزموون ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ «لەڕاســـتیدا ئەم قۆناغە هەســـتیارەی کە ئێستا هەرێمەکەمان تیایدا تێپەڕ دەبێت قۆناغێکی زۆر هەســـتیارە و سیاســـەت ڕەنگی داوەتەوە و کاری کردۆتە ســـەر هەمـــوو بوارەکانی ژیـــان، لەوانەش ڕۆشـــنبیری و هونەری، بۆیە دەبینین هەر حزبەو بۆ بەرژەوەنـــدی خۆی چالاکیەکی داخـــراو بۆخۆی ســـاز دەکات کە چەندین هونەرمەنـــدی تر لێی بێبەشـــن، لەکاتێکدا ئەمە ڕەنگە شـــتێکی ئاسایی بێت بۆ ئەو هونەرمەندانـــەی کە هـــەواداری ئەو حزبە بن.

بـــەڵام لەکاتێکدا وەزارەتێـــك هەیە بەناوی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری و لاوان، دەکرێـــت فیســـتیڤاڵی سەرتاســـەری ســـاز بکات بەهەموو شێوەکانییەوە کە ناکرێ لێرە باس لە وردەکاریەکانی بکەین، هەموو هونەرمەندانی ئاســـتەکان تێدا بەشـــدار بـــن و ئەمەش شـــتێکی زۆر سروشـــتییە، بڕوا ناکەم تائێستا وەك پێویســـت کرابێت، بەڵکو لەم ڕێگەشەوە تەنیا بەمیزاج کراون چ لەسلێمانی بێت یان هەولێر یان شارەکانی تری کوردستان، ئەمەش وای کـــردووە زۆر لەهونەرمەندان بێبەش بـــن لەبەشـــداری بووندا، لەکاتێکـــدا چەندین تیپ و گرووپ و تاکە کەسی بەتوانا و لێهاتوو لەکوردستاندا هەن، بەڵام زۆر بەداخەوە لایان لێ ناکرێتەوە لەبەر ئەوەی بڕیارەکە تاکە کەســـێك داویەتی کە نایەوێت هونەرمەندانی دەڤەرەکەی تر بەشدار بێت لەو بۆنەدا یان لەو فیستیڤاڵەدا.

گەر وردیش بیتەوە ئەو تاکە کەســـە فڕی بـــەکاری هونـــەری و میکانیزمـــی کارە هونەریەکانـــەوە نییە، بەداخەوە هەر ئەمەش وایکـــردووە کە زۆرێك لەناخی هونەرمەندان بتۆرێنێت....هەموو کەسێك کە هونەرمەند بێت بـــۆی هەیە بەجۆرێك لەجـــۆرەکان و بەپێـــی پســـپۆری خۆی بەشـــداری هەر فیســـتیڤاڵێك بێت بـــەو مەرجانەی هەن و لەلایەن شارەزایانەوە دادەنرێن دوور لەتەمەن من ئەم ڕەنگدانەوەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ خۆمـــدا دەبینمەوە کە لەزۆر فیســـتیڤاڵدا دەبوایە ئامادە بومایە، بەڵام بەداخەوە بانگ نەکراوم، نەك هەر من بگرە چەندینی تریش وەکو من، بۆیە سازدانی چەندین فیستیڤاڵی سەرتاســـەری بۆ ئەم هەرێمە پێویستە دوور لەڕەنگدانـــەوەو ڕیکلامی حزبی و بڕیاری تاکە کەســـی تا بتوانین کارە هونەریەکانمان زیاتر لەم بارودۆخەدا بەرجەستە بکەینەوە»

## فیستیڤاڵەکانی ئێستا نیمچە داخراون پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرابن

هەروەهـــا زۆر جـــار باس لـــەوە دەکرێت کە فیســـتیڤاڵەکان بەنهێنـــی ڕێکدەخرێن و بەرنامەیـــان بـــۆ دادەنرێت، مامۆســـتا فەرهەنگ غەفور ســـەبارەت بەمە دەڵێت

ئا/بەهرە سدیق

# خزمەتیان بەهونەری کوردی کردووە







«ئـــەو فیســـتیڤاڵانەی کـــە لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێن ڕەنگە توانیبێتی تارڕاددەیەك ئامانجەکانـــی خۆی بپێکێ، بـــەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆرجاران گلەیی زۆری لێدەکەوێتـــەوە لەبەر ئەوەی هەندێك لەو فیســـتیڤاڵانە بەنیمچە داخراو ئەنجام دەدرێـــت، هەندێـــك لەرێگـــەی پێوەندی تایبەتـــەوە هەندێکی لەرێگـــەی پێوەندی ئیمەیڵـــی ئەلکترۆنیـــەوە، وەکو کەسـێك لەبواری فیســـتیڤاڵ زۆر کارم کردووە پێم باشە ئەو فیستیڤاڵانە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بێت و ڕێکلامی بۆ بکرێت بەتایبەت ئێســـتا ئێمە پێویستیمان بەکاری زانستیانە هەیە، چۆن دەڵێی فیستیڤاڵ هەیە لەگەڵ ئەوەشـــدا کۆنسـێرت و کەرنەڤـــاڵ هەیە، بەڵام لەفیســـتیڤاڵ بچووکترن فیستیڤاڵ هەندێ بنەمای ستانداری تایبەتی خۆی هەیە پێویســـتە بەرلـــەوەی ئەنجام بدرێت ئامانجەکەی بەشـــێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بنووسرێتەوە و دەرەنجامی فیستیڤاڵەکانیش ســـاڵانە خوێندنـــەوەی بۆبکرێـــت وەك و توێژینەوەیەکی مەیدانی، بۆنموونە لەهەولێر ئەنجام دەدرێت بزانـــرێ ئەنجامی چ بوو و پەیامـــی هونەرمەنـــدان و هونەری چ بوو لەو فیســـتیڤاڵە توانیمان چی بکەین، هەرگیز لەگەڵ ئەوەنیم هەموو هونەرمەندان بەشـــداردەبن یان بێ بەش دەبن ئەوە شتێك نییە هەموو هونەرمەندان بەشداری تێدابکەن لەهەموو دنیاشـــدا وانییە ئەوکەســـانەی کەبەشـــداری لێ دەکەن خەڵکی تایبەتن، خەڵکێکـــن بیرۆکەیەکـــی تایبەتیان هەیە، دەبێ بزانرێ ئەو فیستیڤاڵە بۆ چ بوارێکە لەبوارەکانی هونەر.

### هیوادەخوازین لەکوردستان ئینستۆتی سینەما دروست بکرێت

ســـاڵی ڕابـــردوو چەندین فیســـتیڤاڵی ســـینەمایی لەکوردســـتان ئەنجامدران کە زۆربەیـــان کاتەکانیان لەیەکتری نزیك بوو، خانمـــە هونەرمەندو دەرهێنـــەر ڤیان مایی پێـــی وابوو «ئەو جۆرە کەســـانەی کە بۆ بەرژەوەنـــدی تایبەتی خۆیـــان کاردەکەن و هەمـــوو جـــۆرە کارێکیان لەکوردســـتان تێکداوە، ئەمە ســـەرەڕای ئـــەوەی چەند ســـاڵە لەکوردستان هاوار دەکەین و پێشنیار دەنووســـین بۆ ڕێکخســـتنی ســـینەمای کوردی، بـــەڵام لەبەر ئەم جۆرە کەســـانە کارەکانمان ئاڵۆزن، فیلمیش دروست کراون و فیستیڤاڵیش ئەنجامدراون، بەڵام نارێك و پێکی پێـــوە دیارە، هەوڵ و هیوامان ئەوەیە کەبتوانین لەکوردستان ئینستۆتی سینەماو هۆڵەکانـــی نمایش کردن دروســـت بکەین، هـــەردەم دەڵێم و دووبارەشـــی دەکەمەوە کە کامێرا وەکو و چـــەك وایە بۆکۆمەڵگە بۆ میللەت کە دەتوانین خۆمانی پێ بپارێزین و دەشتوانین خۆمانی پێ بکوژین، ئیتر با ڕێگا بدەین ئێمە کارەکانی خۆمان بەباشی ئەنجام بدەین.

هەر سەبارەت بەفیســـتیڤاڵەکان بەتایبەتی لەبواری ســـینەما هونەرمەند نزار سەلامی پێیوایە کە دەبێت باســـی ڤیستیڤاڵی کورتە فیلم و فیلم بکا ودەڵێـــت: هەڵبەتە دەبێت باسی ئەوە بکەم، چونکە خۆم لەو بوارەدام، حەز دەکەم شـــتێك بەبیـــری هەندێك کەس بێنمەوە نە کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیریم نە هیچ جێگایەك، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە وەزیری ڕۆشنبیری زۆر جار وتویەتی لێرە ئەسڵەن سینەما نییە و ئەسڵەن فیستیڤاڵ نەکردنی باشـــترە، من لەزۆر شـــوێن گوێم لـــێ بووە ئەزیەتی داوم گوتومە نابێت ئاوا بیر بکرێتەوە، بەڵام کاتێك کە فیســـتیڤاڵ دەکرێـــت لەشـــارەکان بەتایبـــەت ئەگەر بمەوێت باسی سلێمانی بکەم، لێرە نارازین لەبەڕێوەبەرایەتـــی ســـلێمانی، دەڵێن نابێت وەزیر بڵێت نابێت فیستیڤاڵ بکرێت یان لەو جۆرە کارانە و ناشبێت فیلمی کوردی نییە، چونکە ئەوەتا ئێمە کورتە فیلممان هەیە و فیلمی درێژیشمان هەیە، بۆیە نابێت وەزیر ئاوا بڵێت، بەڵام مەبەســـتەکەی من ئەوەیە کە ئێســـتا دەیڵێم باشە ئەگەر فیستیڤاڵێك لەم شـــارە ســـاز دەکرێت چۆن دەبێت هەر لەم شـــارەدا هیچ یەك لەو فیلمانە خەڵات نەبات؟

لەکۆتاییـــدا خاتوو مـــەروا محەمەد کە یەکێکە لەئەکتەرەکانی شـــاری ســـلێمانی پێیوایە ئەو فیستیڤاڵانە بەڕاستی هەمووی لەجێگای خۆی نییـــە ئەوەندەی خزمەتی کاری دەرەوەی کوردســـتان دەکرێت، ئەوەندە خزمەتی ئیشەکانی خۆمان ناکرێ، بەڕای مـــن ناوبنرێت فیســـتیڤاڵی خزمەت کردن بەوڵاتانی بێگانە.